# تاکی کورد.. لێرە و لە وێ ... شە یدا بلباس

من بیردە کە مە وە، کە واتە من هە م.
"دیکارت'

ئە م بە رهە مە نووسراوئامێزە، سە رە نجامی کۆمە ڵێک
پە رتووک و نووسراوە ی بێگانە نییە کە لە مە ڕچۆنێتی
کە سایە تی کوردە وە نووسرابێ یا لێیوە رگێردرابێت.
بە ڵکو سە رنجدان و لێکۆلینە وە و توێژینە وە ی تاکە
مێشکێکی گرێدراو لە گۆشە یێکی ئە م گێژاوی سە رلێ
شێواوە دا؛ بە بینینێکی ووردە وە دیقە تی کارێکتە رو
ئە لتە رنە تیڤی کە سایە تی تاکی کورد [لێرە و لە وێ]
دە خاتە بە ر چاوی ڕە خنە ی هە ڵسە نگاندن وسە رنج.
جالێرە دا لە بە رلاوازی کارێکتە ری مێی کوردو دوورە
پە رێزی لە زۆربە ی کارو کاردانە وە ی ڕووداوە کان؛؛
بە واتایە کی تر بێدە ستە لاتی لە کۆمە ڵگای مێردە زمی
کورد، لە پێشدا دێینە سە رلێکۆلینە وە ی تاکی نێری کورد.

## بە شی یە کە م

نێری کورد لە چوارچێوە ی ئە و وولاَتانە ی کوردستانیان بە سە ردابە شکراوە، بە هاوولاَتی پلە دوو دە خوێندرێتە وە. کە ئە م پلە یە بۆ نە تە وانی سە ردە ست لە زۆربە ی وولاَتاندا بۆ مێ بە کاردێت. جا دە بێ ماف و پلە ی مێینە ی کورد لە م کۆمە ڵگایە دا چۆن و لە چیدا بێت؟!.

لە هە ر کۆمە ڵگایێک ساتێ هە موو بوارە کان ڕوو بە ڕووی یە کتر دە بنە وە لە ژێرسایە ی سیستە مێکی دیاریکراو، کاروکاردانە وە، کێشە وبە رپە رچدانە وە؛تالە ئە نجامدا بە رە و تە قینە وە یێکی گۆڕانخوازی دە ڕوات. بە لاَم لایە نی کێشە ی نوێخوازە کە لە بە رژە وە ندی تایبە تیدا ناهێڵێت دە رگای بازنە شکاوە کە ئاوالابێ و هە موو شتێک لە سروشتی خۆیدا ڕوو لە گۆڕان بکات. دووبارە بازنە یێکی نوێ ی فرە وانتر لە دە وری خۆی هێلکاری دە کاو هە تا پێیبکرێت خۆی و تە واوی دە ووروبە ری دە گلێنێتە ناو بازنە تازە کە.. واتە دە ربازبوون لە سیستە مێک بۆ سیستە مێکتر؛کە هە ردووکیان بە پێ ی بە ندی چە ند یاسایێکی دروستکراو بە رژە وە ندی خۆیان دە بە ستنە وە بە دە ستوورێک و فە رمانی تازە ت بە سە ردە سە پێنێ. جاڕاکردنی تاکی کورد لە ناو بازنە داخراوە کە دا؛لە ئە نجامی کێشە و ململانێ دە بێتە هۆی تە قینە وە وقوربانیدان و ڕاکردن لێیوە ی. کە خۆی لە خۆیدا کۆمە لێک بازنە ی داخراوی هێلکاری بە وریدا ئالاَوە و دە یە وێ خۆی لێ ڕاپسکێنێت. کە بازنە ی داخراوی[خێزان، ئایین، نە تە وە] لە پێش بازنە ی[ئابووروڕامیاری وسە ربازی]، لە سیستە مە کە دە وری داوە.

خۆدە ربازکردن لە م گێژاوە و ڕاکردن بە رە و قۆناغی هانا بردن بۆ هە ر کۆمە ڵگایێک، کە مافو ژیان چاکترو ئاسایش باشتر مە یسە ربێ تیایدا، کارێکی خۆپە رستیە. لە کاتێکدا کە سە رلێشێواوی وە ک سێبە رێک بە دوای بخشێ، وە ک مرۆڤێکی ناتە واوو کە سایە تیە کی

لاواز کە ناتوانێت بوونی لە چوارچێوە ی کێشە و ئازارە کانی خۆی نیشان بدات. ناشتوانێ ئازە رە دە روونیە کانی کە پێوە لکاوە لە خۆی داتە کێنی و خۆی لێ گێل بکات. ئە مە ئاکامێکی سە یرە کە بووە بە میوانی تاکی نێری کوردولە گە ڵ هە نگاونانی بە رە و دوورگە ی تاراوگە ونامۆیی، نائومێدی وخۆزگە کانیش بە درێژای ئە و کاروانە بنبە ستە یە، دوو دڵی ورە شببینی لێدە ئاوسێنێ. جا ڕاکردنی تاک و تە رای هە شتاکان و کۆڕە وە کە ی91 دیاردە یێکی تری بۆ کورد هێنا ئاراوە. هە رچە ند کورد لە مێژوودا ڕە وە کۆمە ڵی زۆر جار بە میرات بووە.

کورد بە رە و هاندە ران بە زۆرێکی تاکی نێر[زوگورتی] ؛ئە و تاکە ی ئایین و ستوونە کۆ مە ڵاییە تیە کانی ناو کۆمە ڵگاکۆنە پە رستە کە ی، کە لتوورێکی کۆنکریتیان بە دە وری ئاڵاندووە.. بە هە ڵوە ستە یێکی کاتی و ئاوڕێکی تووڕە بۆ ڕابردوو وهە نگاونان بە رە و دوورکە وتنە وە؛ پێوستی بە بیرکردنە وە یێکی ئێجگار قووڵ هە یە، بۆبریاردانێکی یە کلاکە رە وە و رە فتار کردن لە گە ڵ ئە و کە لتوورە ی کە ئە گە ر لە گە ڵیا هاورێک نە ژیت، بە دە رچووی هە رزە کارێکی لاسارت دە خوێنێتە وە! گوایە وون بووی و دە ستت لێدە شۆرێت.

دوای چە ند قۆناغ لە هە نگاوە نە پچڕاوە کانی، بە و شوێنە دە گاکە بتوانێت بارگە ی خە م هیلاکی لێ لابکاتە وە و پشوویە ک بدا بۆ دووبارە دە ست پێکردنە وە. جا ئە و کاتە ی بە ڕۆژئاوا دە گا.. کە تائێستا بە عە سرە تیە وە بوو، ڕووبە ڕووبوونە یێکی ناکاوی دە بێ کە هێڵی ڕاستی و خە یاڵ لێکدە ترازێنێت. لە و هە نووکە بیە ی پێیدە گا، کە لتوورێکیتر لە بە ر دە میدا قیتدە بێتە وە؛کە ئە گە ر نە توانێت پردێکی پە رنە وە لە نێوان خۆی وکە لتوورە نۆێیە کە دروست بکا.. ئە وا بە ئە نجامی بە رپە رچدانە وە ی دە روونی و مێشکی دە گاو لێیهە ڵدە گە ڕێتتە وە، واتە"گە ڕانە وە سە ر خۆ".

کاتێک تاک هە وڵ دا ووڵات لە ناو گێژاوی بنبە ست بە جێبهێڵێ و هە موو تێکۆشانی بۆ دە ربازبوونی خۆی بێت، زۆر شت لە دە ست دە دا ولێی بێبە ری دە بێ... تە نانە ت جاری وا هە یە دوورە پە رێزی لە کۆی بە ندە نە تە وە و ئایینیە کان بە رە و لاوازی و لە دە ستدانی کە سایە تیشی دە بێتە وە. ئینجا بە گە یشتنی بە نزیکترین مە ڵبە ندی ووڵاتێکی ترو هە ناسە هە ڵکێشان و پشوودان، یە کسە ر نە فرە ت لە ڕابردوو و دە ورووبە رە کە ی دە کا؛تا بە رامبە ر کێشە ی نوێی ووڵاتە تازە کە، هە مدیسان بۆ هە وڵی دە چوون.. ئە مجارە لە تە واوی ڕۆژهە ڵات و بە رە و ڕۆژئاوای مۆدرن. لە م قۆناغە لە وانە یە دە رچوونی بە هە رچی سامانێک کە لە گە ڵ خۆی ڕایگۆزاوە، لە دە ست بدات. هە رچە ندە ئە و تاکە وادە زانێ کە بانگە وازی دیموکراسی و مافی مروڤ و ئازادی تاکە کە س، سە رتاپای خە ون و خە یاڵاتی بۆ دابین دە کات؛ لە ڕۆژئاوا.

هە مان تاک بە دوورکە وتنە وە و دە ربازبوونی لە ووڵات، دووبارە لە ناو تە واوی کێشە و تە نگوچە ڵە مە کانی دە ژیت و، ناتوانێ لە مێشکی دووریان خاتە وە.. ئە گە رچی بە لە ش دوورە! لە گە ڵ ئە وە شدا بۆشاییە کی تری بۆ دروسدە بێ کە ئە ویش سۆز و ئە وینە لە تاراوگە دا ؛کە ئە مە ئازارێکی دە رونییە و بە سە رخۆیدا دە یتوێنێتە وە. بە هە ستکردنی لە دە ستدانی[ ئە مە ک، دڵسۆزی، وە فاداری، هاودە می، ڕاستگۆیی]... کە ئیتر لە بازنە یێکدا دە خولێتە وە و پە لە قازێیە تی پڕە لە فرت و فێڵ ودرۆو هە لخە ڵە تاندن، کە زۆرجار بە رە وئاکامی ڕووخانی دە بات.

جالە بە ر ئە وە ی لە قۆناغی یە کە می ئە م کاروانە دا ناتوانێت بە شێوە یێکی یاسایی سە فە ربکاو بگاتە شوێنی مە بە ست، ناچار پە نا بۆ ڕێگا نایاساییە کان دە بات، کە ئە ویش ریسکە و جە ربە زە یە... یائە وە تا بە پوولو پارە یێکی زۆر لە ڕێگە ی فرۆکە خانە وە" خۆت و بە ختت"، یالە سنووردان و پە ڕینە وە بۆ ووڵاتێکی تری دراوسێ؛ملی ڕێگە ی

هات و نه هات.. لێره دا شانۆی ڕاو و نێچیر ده ستپێده کاو هاواریش بۆ ئه و هه موو تاوانه هیچ ده ستێک نیه پانی کاته وه. سه ره نجامیش هه رده بیته وه به نێچیر.
تاک له م قۆناغه دا زۆر به هێز نه بێت له رووی مادی ومه عنه وی زوو ده ڕوخێت. به لاّم دیسان گه ڕا نه وه به دۆڕان ده زانێت و یه خه ی ڕێگا که به رنادات.
ئه مه یش هۆکاری ئه م نه فره ته گه وره یه یه که لێی ڕاکردووه و ئاماده نییه پاشگه زبێته وه:
1- ڕه شبگیری باری سه ربازی و جه نگی وێرانکاری.
2- داڕمانی ئابووری وولاّت ونه بینی داهاتووێکی به خته وه ر.
3- دواکه وتوو کۆمه لّ له ریّزی وولاّتانی جیهانی سێیه م.
4- کۆنه په ستی ناو کۆمه لّگا.
5- نه بوونی هیچ ئازادییه ک بۆ تاک و کۆمه لّ.
6- ڕه چاو نه کردنی مافی مرۆڤایه تی.
هه ر بۆیه سووره له سه ر ئه وه ی به هه ر نرخێک خۆڕاگربێت و ملی ئه م ڕێگه یه به رنه داو دلّی خۆشی رازی بکا به ته واوی کاره ساتێک که له ئه نجامی گه یشتنی به ڕۆژئاوا بۆ داهاتووێکی پرشکۆ و به خته وه ر، بێته سه ررێی.
لاساربوونی تاکی کورد له قۆناغی یه که م و گیرخواردووی له ناو بازنه ێکی تازه تردا، ناتوانیّ ساردیکاته وه له حه ز و ئاره زووه کانی وکۆلّی پێبدا؛سای ژیانی خه لّکانی تر ئاسا؛به م نیمچه مافه ی ژیان سه رکز بیّ و خۆی بدا به ده سته وه.. هه ربۆیه ڕێگه ی جه زربه و سنوور شکانو ڕاکردن، زنجیره ێک تراژیدیای نه پچڕاوی له ژیان بۆ تۆمار ده کات.
تاهاواری ڕق و کینه ی به ر ده رگاو په نجه ره ی شووشه به ندی مافی مرۆڤ له نه ته وه یه کگرتووه کان؛ده هێنێته هه ژاندن. ئه و هه موو هه ولّ و ته قه لاّیه ی که قوربانی له پێناودا، هێشتا ڕێکخراوی[U. N] دانی پێدانانێت وه ک که سایه تیه کی کورد پێناسه ی بکا، به لّکو تووڕ فرێده داته وه ناو ئه و قه یرانه ی که له ژێر ئازارو ئه شکه نجه ی ڕایکردووه[به ناوی وولاّته داگیر که ره که ی ده یناسێنێت].
ئینجا چاو ده کاته وه ودوای پشوودانێک ده لّێت:"ئۆ خه ی؛ ئاخری به وه گه یشتم که گوێیان لێم بێت!". خۆ وانه بێت ئه م ڕێکخراوه ئاگای له هیچ نه بێت! کیّ نالّێت ئه نداميٚک نیه له پرۆژه ی ئه م پلان و تاوانکاریانه ی دارێژراو سه پاندوویانه؟!.
جا دووباره وێنه بێنه و کاغه ز واژوو بکه{ڕۆتینیه تی هه میشه یی}... به ئاشکرا پێت ده لّێن کێیسێکی درۆ بۆ خۆت دروست بکه، وه ک ئه وه ی ئاگایان له مه حمووی بیّ زه واش نه بێت! ... له کاتێکدا ژیانی پڕ چه رمه سه ریت لێره وله ویّ کێیسه که یه بۆ خۆی. تا داب و نه رێته کۆ نه که ی که لێی په نماوی.
چاوه ڕێیی.. دان به خۆداگرتن.. رازیبوون..
به م هه موو ئه رکوئه سته مه ش؛به دوو ڕێگا ده گه یته ڕۆژئاوا:
1- ڕێگه ی یاسایی{له ژێر سایه ی U. N}.
2- ڕێگه ی نائاسایی{ جه ربه زه وریسک} به هۆی پا ره ێکی زۆره وه.
جاگه یشتنی به هه ر یه کێک له م ڕێگایانه، به له دایکبوونێکی تر ده زانێت. واده زانێت که ئاسمانی شینی ڕۆژئاوا هه رگیز هه وری غه م و نه گبه تی له باوه ش ناگریّ و بارانی مه ینه تی به سه ر خه لّکانی بێده سته لاّت ناباریّنێت. ته واوی داموده زگاکان بۆ خزمه تگوزاری و له به رژه وه ندی گشتی کارده که ن.. له مه ودوا چه وسانه نابینرێت وهه مووشتێک مافی خۆی پێده درێت. لێره حه زو ئاره زووه په نگخوراوه کان به ڕووی ژیانێکی پرشادومانی پێده که نیّ و ئازادی ڕه مه کی تاده گا به بێهاوتایی وتامه زرۆی تێنوێتی

سێکسی خۆی پێده شکێنێت. وای بۆ ده روانێت بۆ هه تایی له ژێر سێبه ری ڕۆژئاوا بحه سێته وه و ئۆخه ی دڵی لێ بلاوێنێ. ئیتر نه بوونی ده ستکورتی باوی نیه و شه رم و حه یا بۆ پێکه نینیش باس ناکرێت.

لێره خه ڵکان ئه وه ی حه ز بکه ن له به ری ده که ن وحه زیشیان له چی بێت ده یخۆن. که س ڕقی له که س نابێته وه و هه میشه ده م به خه نده ن. خه ڵکی له جیاتی ده مانچه سێلیله رفۆنیان له سه رنێکیان به ستووه.. ئه وه ی ئاره زووی بکه ی هه یه. هیچ شتێک واسته و ماستاوی ناوێت.. چیتر دانه ڕۆژێک له ریز ناوه ستی بۆ وه رگر.. به رێوه به رهه میشه له کۆبوونه وه دا نیه.. به ڵکو گسک ده داو سه رمێز ده سڕێته وه! هه موو شوێنێک به خه نده پێشوازیت لێده کاو ده ڵێت:{ چۆن ده توانم یارمه تیت بده م؟}ئای خواکه! سه یری ئێره وئه وێ... لێره ده توانیت به ڕۆژی نیوه ڕۆ به قون ڕووتی بسوڕێته وه هاوار بکه ی.، نه که س سه یرت ده کاو نه گوێت پێده ده ن!..ئائه مه یه لوتکه ی به رزی دیموکراسی؛نه ک ئابروو هه تکی وقوڵبڕی وپیاوکوژی!.

له م قۆناغه تاکی نێری کورد به پاشگه زبوونه وه ی له هه رسێ بیرۆچکه ی { ئایینی ونه ته واییه تی وچینایه تی}؛ به هه ر ده په نجه ی ئا ماژه ی شایه دومانی به یاساو ده ستووری ڕۆژئاوا ده هێنێت و سه رسامی دیمه نی رووکه ش شارستانیه تی ده بێته وه.